پەیامی قیبلە

زنجیرەی
٢٨

پەیامی خەمخۆری

# هێمن ئەحمەدو دۆناڵد ترەمپ
# (لەدڵەوە بۆ دڵ)



## وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ

د.عومەر عەلی
٢٠١٩

زنجیره (٣٨)

# هێمن ئەحمەدو دۆناڵد ترەمپ
# (لەدڵەوە بۆ دڵ)

# پەیامی خەمخۆری

# وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ

د. عومەر عەلی
٢٠١٩

پەیامی قیبلە
رۆشنبیری گشتی و ئیسلامی . زانست و ئیمان

**ناوی کتیب:** پەیامی خەمخۆری

**نوسەر:** عومەر عەلی

**دیزاینی ناوەوەو بەرگ:** توانا ئەحمەد

**چاپخانە:**

**تیراژ:**

**نرخ:**

**ژمارە (          )ی ساڵی (          )ی**
**لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکانی پێدراوە**

بسم الله الرحمن الرحيم

خاڵۆیەکم هەیە پیاوێکی فرە قۆزو وە شانوشەوکەت، قیافەی هەر یەژی دۆناڵد ترامپی سەرۆکی ئەمریکایە، وەکو من وردیلە نی یە، من ساڵێك لەو گەورەترێکم ئەو بموسێ لەمن درێژترە، هەر لە منالیەوە ئەوەنە خۆشمان گەرکوە پێی یەژین مامۆسا، بێجگە لەوەی خاڵۆمە چون تەمەنیشمان نزیك بوە لەیەکۆ هەر ڕەفیقی یەکتری بوین، بەزممان زۆرە وەیەکۆ لە ژمارە نایە، لەبیرم ناچێت ڕۆشتم بۆ سەرتەك بۆ ماڵیان ئەو وەلای حەیوانۆو، منیش رۆیشتم بۆلای، لای کەوری داڵەلیان دۆزیمۆ، وەبانی بەردێکۆ لەسەروی بزنەکانەوە دانیشتین، وتی عومەر نوێژێك هەیە پێی یەژن نوێژی سەلاتوتەزبیح زۆر موهیمە، ئەو ئەیزانی من نەمەزانی، منیش وتم مەردی خواوە فێرمکە تۆ مامۆسای، وەبانی بەردێکۆ نوێژمان ئەکرد فرەخۆشو.

ئیتر من هاتم بۆ ئەم خارجەو لەیەك دابڕاین، تا رۆشیتمەوە سەیرەکەم خوا بکەم نەیبینن، نەك سەلاتوتەزبیح هەر نوێژە ئەحتیادیەکانیش ناکات، نازانم بۆ وای لێهاتە! بمزانیایە نە ئەهاتم بۆ ئەم خارجە دۆ بڕیاوە، ئاخر پیاو خاڵۆیەکی لەدەست بچێ توخوا

ئیتــر خــارج قیمەتــی چــی یــە.
رۆژێکیــان ڕۆیشــتم بــۆ ســلێمانی و گەرەکمــو بچــم بــۆ ســەرا، عەیبــم لێهات پرســیار لــە پیــاوی بــە تەمــەن بکــەم، پرســیارم لــە یەکــێ لــەم پانتــۆڵ دڕاوەکان کــرد، ئــەوەی وا ســەری ئەژنۆیــان هــاوە دەرۆ؟ ئەویــش دەســی ڕاکێشــا بــۆ خــوارەوەو لوتێکــی هەڵقرچانــد، وتــی وا بــڕۆ، منیــش بــە هەڵــەوداوان هــەروا ملــم ئەنیــا، ئــەی خــوا پشــوم لــێ بڕیا هــەر نەگەیشــتمە جــێ، نەخێــر وتــم بــا پرســیاری تــر بکــەم، پرســیار عەیــب نــی یــە، ئــەم جــارە لــە پیاوێکــی پیاوانــە ئەســڵەکانی ســلێمانی، پرســیم خاڵــۆ گیــان ئــەرە ســەرا هالــە کوێــوە، ئەویــش وتــی کــوڕە عەزیزەکــەم هــەی هــو، تــۆ زۆر غەڵــەت هاتویــت، ســەرا لــە ســەرەوەیە تــۆ بــۆ خــوارەوە ئەچــی، خــۆ خەریکــە ئەگەیتــە ترمینالّــی شــارەزور، ئیتــر خــوا جــەزای بداتــۆ هــەر وە زۆر خەریکــو تەکسیەکیشــم بــۆ بگرێــت، زانــی غەریبــەم و دەگەیــان داوە لێــم، وتــی کــورە کەســانێکی هەرچــی و پەرچــی لــەم شــارەدا شــارەکەش لەبەرچــاوی خەڵــك ئەخــەن، منیــش وتــم خاڵــۆ گیــان مــن مەمنونــی تــۆم و قەیناکــە گەنجــم خــۆم دەگەڕێمــەوە خەمــت نەبێــت، گەشــتمە ســەراو دانیشــتم شــایەتومانێکی وە حەقــم هێنــا.
جــا خاڵــۆ گیــان بەخــوا تــۆش بــزان چ قورمســاغێك ڕێگەکــەی خــراو ئیشــاندایت و بــەرەو خــوار ئەچــی، ئیســلام بــەرەو ســەرەوەیە وەك ســەرا، مــەردی خــواوە بگەڕێــرەوە، مەیــەژە تــازە زۆر دورکەوتومەتــەوە، بەخــوا مــن تــۆ ئەناســم فــرە وە قولــی، ئەگــەر مەیلــت بــوێ پێشــی ئێمەیــش ئەدەیتــەوە، لەبیــرم ناچــێ بــۆ ســەرتەك ئەچویــن تــۆ منــت جــێ ئەهێــلا لــە بــەرەو ژورکەکــەدا، پیــاو تــا هێــز لــە قولیــا وێ بــەرەو ســەرەوە بچــوا باشــە، گەنجانــێ پەیابــون ئیمــڕۆ تاقەتیــان نــی یــە بــەرەو ســەرۆ بــڕۆن و وە خەڵکیــش یــەژن دانیشــە تۆیــش مــەڕۆ.

کـوره هـەروا بـۆ خاڵـۆی خـۆم بێـژم، رۆژانـە کـە قورئـان ئەخوێنـم ئەگەیەمـە ئایەتـی وا، ئەوەنـە عالـەو دڵخۆشـکەرە، وە جوانـی رێگەکـەت بـۆ رۆشـن ئەکاتـۆ، سـبحان الله هـەر یـەژی جـی پـی ئێسـە، هـەر ئەگەیـەم پێیـان لـە دڵـی خۆمـا یـەژم ئەمـە هـەر یـەژی بـۆ خالـۆ خۆشەویستەکەی مـن دابەزیـوە، کـورە هـەر وەکـو وایـە دوو هەنـگ لـە دارێـکا بدۆزیتـۆ، دانەیەکـی لەوانـە ئەکەمـە هەدیـە بـۆت و مـەردی خـواوەو رێگەکـەت هەڵەیـەو بگەڕێـرۆ، تـۆ مـن ئەناسـی پیـاوی درۆ نیـەم و تەمەنـم وەك مامـە پیرەکـەی سـلێمانی یە،نـەك وەك گەنجەکـە، جـا وەو قورمسـاغانە مەخەڵەتـێ و لـە کەلـی شـەیتان بێـرە خـوار، مەیـەژە ئیسـلام موهیـم نـی یـە، مـەردی خـواوە تـۆ مامۆسـای منـی لـە فارسـیداو تـۆش مـن بکـە مامۆسـای خـۆت لـە دینـا، وەعـد وێـت وەعـدی پیـاو بیشـتوم بـۆ ئـەو تورکیـاو ئـەو حەزارەتـە گـەورە ئیسلامیانەشـت پـێ ئیشـان بـدەم، هـەر لـە سـوڵتان ئەحمـەدەوە پیایـا تێیـن و وەچـاوی خـۆت ببینـە چـۆن هەتـا ئەوروپیەکانیـش عەڵاجەویـان لـێ تێـت، ئەوەنـدەت نیشـان ئـەدەم هەتـا کفـت ئەویـت و دواتـر ئەڕۆیـن بـۆ چـڵ و کەبـاب خـواردن و دۆنـەری تورکـی، مـەردی خـواوە باوەڕبکـەو فـرە دەنگمـان دەرمەهێـرە، بەخـوا ئەوەنـە خەریکـی تۆیـن وە خاڵۆژنـم و هەرێمـی بـرام و گشـتمانۆ، ئەوەنـە خەریکـی دۆناڵـد ترامـپ بوایەیـن ئێسـتە ترامـپ مێـزەرەی سـپی ئەبەسـتۆ وەکـو مـەلا سـورە.

بـا شـتێکی تریـش بـۆ ئـەم عەزیـزەی خـۆم بێـژم، سـورێکی ئینگلیـزی جـوان خـاس، خـۆت ئاسـایی ، قسـەم بـۆ کـردو مسـوڵمان بـو، نـاوی نیـك بـوو، وتـم بـرازەر تـۆ چـۆن وا دڵـت نـەرم بـو مسـوڵمان بویـت؟ چـاوی پڕبـو لـە فرمێسـك و کەمێـك وەسـتا، وەك بێـژی کەوتـە بیرکردنـەوە، دواتـر فرمێسـك وە چاویـا هاتـە خـوارو دەسـی کـردە ملـم، ئنجـا پێـی

ئەوتـم شـێخ ، ئـەو خوایـەی تـۆ باسـی ئەکەیـت مـن لـە زوەوە وەدوایـا ئەگەڕیـام، ئـەو خـوا وا تـۆ پێـت ناسـاندم هەرکـەس بیناسـێ خۆشـی گەرەکـە، دواتـر نـاوی خـۆی گـۆڕی بـۆ عبـدالله، بـرا ناوەکـەی تـۆ هێمـن عەیبـی نـی یـەو بـا هـەروەك خـۆی بێـت، لـە فارسـی تـۆ مامۆسـای منـی هیـوادارم لـە ئیسلامیشـا هـەر بوویـت وە مامۆسـام.

{قُـلۡ يَٰعِبَـادِيَ ٱلَّذِيـنَ أَسۡـرَفُواْ عَلَـىٰٓ أَنفُسِـهِمۡ لَا تَقۡنَطُـواْ مِـن رَّحۡمَـةِ ٱللَّهِۚ إِنَّ ٱللَّهَ يَغۡفِـرُ ٱلذُّنُـوبَ جَمِيعًـاۚ إِنَّـهُۥ هُـوَ ٱلۡغَفُـورُ ٱلرَّحِيـمُ} الزمـر ٥٣

واتـە: ئـەی پێغەمبـەر (صلـی الله علیـە وسـلم) پێیـان بڵـێ: خـوا دەفەرموێـت: ئـەی بەندەکانـم.. ئەوانـەی کـە خۆتـان گوناهبـار کـردووە و هەڵەتـان زۆرە، نائومێـد مەبـن لـە ڕەحمەتـی خـوا، چونکـە بەڕاسـتی ئەگـەر ئێـوە تەوبـەی ڕاسـت و دروسـت بکـەن، خـوا لەهەمـوو گوناهـو هەڵەکانتـان خـۆش دەبێـت، چونکـە بێگومـان ئـەو خوایـە زۆر لێخۆشـبوو لێبوردەیـە و زۆر بـە سـۆزو میهرەبانیشـە.

مـەردی خـواوە بـا ئیتـر ئەونـە دەنگمـان دەرنەیـەو خەڵکیـش پێمـان نەزانـێ، لـەم دونیـا لەیـەك جیابوینـۆ بەهـۆی ئـەم خارجـەوە، بـا لـەو دونیـاش جیامـان نەکەنـۆ، ئیتـر باقـی وەسـەلام.

خۆیشکەزای خۆت لە وڵاتی غەریبی.

گەنجێکی بەتاڵ لە دانیمارکەوە
سڵاو
عومەر عەلی: وعلیکم السلام فەرموون.
مـن کەسـێکی مسـوڵمان و خانـەوادە مسـوڵمانین، ئـەوە ٣ سـاڵە لـە دانیمارکـم و ئیقامـەم نـی یـە، خـۆم پـێ ناگیرێـت و توشـی تـاوان دەبـم، دڵـم تونـد دەبێـت و نامورتـاح دەبـم، دواتـر نازانـم چـی بکـەم؟
عومەر عەلی: ئیش و کارت چی یەو سەرقاڵی چیت؟
بـێ ئیشـم و هـەروا لەگـەڵ هاوڕێیانـدا ڕۆژانـە دەرۆینـە دەرەوەو کات بەسـەر دەبەیـن.
عومـەر عەلـی: بـرا بەڕێزەکـەم گەنجـی وەك ئێـوە نابێـت کاتـی بەتاڵـی هەبێـت لـە ئەوروپـا، خـۆت سـەرقاڵ بکـە بـە خوێنـدن و کۆرسـاتەوەو هاتوچـۆی مزگەوتیـش بکـە.
مەکتەب وەرمناگرێت و مزگەوتیش لە نزیکمان نی یە.
عومـە عەلـی: دەی وەرە بـۆ لای بـرات خـۆت، شـەرت بێـت ئەوەنـدە سـەرقاڵت بکـەم بـەکاری خەیـرەوە مەجالـت نەبێـت سـەری خـۆت بخورێنـی.
دەی واللە پێم خۆشەو لە خزمەتتاندا دەبم هەرچیم پێ بکرێت.
عومـەر عەلـی: خـوای گـەورە خێـرت بنوسـێت و هـاوڕێ و هـاوکاری خەیـری یەکتـر بیـن.

برغوی ئیمان ڕێکی دڵەکان دروستکراوە.
ئێمە پێچەوانە بای دەدەین.

********************

ئـەم مرۆڤـە چ بونەوەرێکـە! ٤ ڕۆژ لەسـەر زەوی دەژی تەحلیلـی ٤ ملیـۆن سـاڵی دەوێـت!
سەیری ئاسمان بکەو سەر بخە سەر زەوی.

********************

هەمـوو هەینیـەك سـەیری بالانسـی چاکەکانـی حەفتـەت بکـەو بـە خوێندنـی سـورەتی کەهـف شـوکری خـوای لەسـەر بکـە.

با شتێکی تریش بۆ ئەم عەزیزەی خۆم بێژم، سورێکی ئینگلیزی جوان خاس، خۆت ئاسایی ، قسەم بۆ کردو مسوڵمان بو، ناوی نیك بوو، وتم برازەر تۆ چۆن وا دڵت نەرم بو مسوڵمان بویت؟ چاوی پڕبو لە فرمێسك و کەمێك وەستا، وەك بێژی کەوتە بیرکردنەوە، دواتر فرمێسك وە چاویا هاتە خوارو دەسی کردە ملم، ئنجا پێی ئەوتم شێخ ، ئەو خوایەی تۆ باسی ئەکەیت من لە زوەوە وەدوایا ئەگەڕیام، ئەو خوا وا تۆ پێت ناساندم هەرکەس بیناسێ خۆشی گەرەکە، دواتر ناوی خۆی گۆڕی بۆ عبداللە

هێمن ئەحمەدو دۆناڵد ترەمپ
(لەدڵەوە بۆ دڵ)



وَأَنْذِرْ عَشِيرَتَكَ الأَقْرَبِينَ

د.عومەر عەلی
٢٠١٩

ISBN 978-168454167-6
9 781684 541676